ئەمشەو بە چەند مووشەكێك هێرشكرایە سەر دیمەشق

تەلەفزیۆنی فەرمی سووریا بڵاوی كردەوە كە ئەمشەو بە چەند مووشەكێك ناوچەكانی دەوروبەری دیمەشقی پایتەخت بێردومان كراون و مووشەكەكانیش لە ئیسرائیل رەوانە كراون.

تەلەفزیۆنی (ئەخباریيە سووریا) ڕایگەیاند: ئەمشەو بە چەند مووشەكێكی ئیسرائیلی ناوچەكانی دەوروبەری دیمەشق بێردومان كراوە.

ڕاشیگەیاند: بەشێك لە مووشەكەكان لەلایەن دژەمووشەكەكانەوە بەرپەرچ دراونەتەوە و خراونەتە خوارەوە.

لای خۆیەوە وەزارەتی بەرگریی سووریا لەبارەی بێردومانەكان ئاشكرای دەكات كە دوو سەربازیان بەهۆیەوە بریندار بووە و زیانی ماددیش كەوتۆتەوە.

سەرچاوە میدیاییەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەمشەو دەنگی چەند تەقینەوەیەكی

گەورە لە دەروبەری دیمەشق بیستراون و بە گورەی زانیارییە سەرەتاییەکان مووشەکان لە ئیسرائیلەوە نەردراون.